ص:72-89
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# بنەما سەرەکییەکانی گەشتوگوزاری
# توێژینەوەیەکی تیۆری شیکارییە

پەیمان عبدالقادر مجید[1]، تەلار احمد مصطفی[2]

[1,2] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: paiman.majid@univsul.edu.iq[1], talar.mustafa@univsul.edu.iq[2]

**پوختە:**

پیشەسازی گەشتووگوزاری بووە بە یەکێك لە دیارترین چالاکییە مرۆییەکان بە تایبەت لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا بە یەکێك لە پیشەسازییە نوێیەکان دادەنرێت بۆ ئەو هەرێم و دەوڵەتانەی کە توانست و بنەمای پێویستیان بۆ ئەم پیشەسازییە هەیە هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگیشە بۆ داهاتی نەتەوەی زۆر لە وولاتان و ڕۆڵێکی گرنگی لە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا هەیەو، سیمایەکی شارستانی کۆمەڵایەتیە بۆ گواستنەوەو ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و شارستانیەت لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکانی جیهاندا و پاراستنی ژینگەی مرۆیی و سروشتی جگە لەمەش ڕۆژ بە ڕۆژ جوڵەی گەشتیاری زیاد دەکات،ئەم جوڵەیەش پێویستی بە پەرەپێدانی ناوچە گەشتووگوزارییەکان هەیە بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەی گەشتیار لە خۆ بگرێت چالاکی گەشتووگوزاری پڕ بایەخ تر دەبێت لە گەشەپێدانی ئابووری نیشتمانی و بەرزکردنەوەی داهاتی وولاتان وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی چەمکی گەشتوگوزاری لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و کەلتووری و ئابووری وڕامیاری و هەروەها خستنەڕووی بنەما سەرەکییەکانی گەشتوگوزاری و کارلێکی گەشتوگوزارە لەگەڵ دەووروبەرەکەیدا.

**کلیلەوشەکان:** گەشتوگوزار، گەشەپێدانی گەشتووگوزاری، گەشتیار، چالاکی گەشتوگوزاری.

**الملخص:**

اصبحت الصناعة السياحة من اهم الانشطة البشرية وابرزها،ففي اوائل القرن الحالي تعد نوعا من الصناعات الجديدة للدول التي تمتلك القدرات والمقومات التي تحتاجها لهذه الصناعة وهي ايضا مصد مهم للدخل القومي للعديد من الدول ولها دور مهم في تطوير نواحي الحياة الاجتماعية والثقافية، وهي وسيلة حضارية لنقل وتبادل الثقافة والحضارة بين مجتمعات العالم المختلفة والمتنوعة وهي ايضا وسيلة لحماية الحياة البشرية والبيئية الطبيعية،يجدر بنا هنا ان نشير الى انه يوما بعد يوم تتزايد الحركات السياحية كما وان هذه الحركة والزيادة في النشاط السياحي يحتاج الى تطوير المناطق السياحية لتضم اكبر عدد من السياح. حيث ان تطوير النشاط السياحي يلعب دورا كبيرا وله اهمية في تطوير الاقتصاد الوطني وزيادة دخل البلدان مما يمهد الطريق للتنمية الاقتصادية والاجتماعية.

يهدف هذا البحث تسليط الضوء على مفهوم السياحة واهميتها في العديد من النواحي الاقتصادية والاجتماعية والثقافية والسياسية والنفسية،وكذلك التعرف على المبادى الاساسية للسياحة،واهمية تفاعل السياحة مع محيطها.

**الكلمات المفتاحية:** السياحة، التنمية السياحية، السائح، النشاط السياحى.

**Abstract:**

Industrial tourism has become one of the most important human activities, most notably in the beginning of this century. It considered one of the new industries for countries that have the capabilities and fundamentals needs for the industrial tourism and are also an important source of national income. It is an important source of national income for many countries and has important role in the development of aspects of social and cultural life , a civilized means of transferring and exchanging culture and civilization between the different and diverse societies of the world and is also a means of protecting human life and the natural environment it is worth noting here that day after day tourism movement are increasing and that this movement and the increase in tourism activity

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

needs to development tourist areas to include the largest number of tourists the development of tourism activity plays a major role and is important in the development of the national economy and the increase in countries income, paving the way for economic and social development.

The aim of this research is to demonstrate the concept of tourism in term of its relation to economics ,social, cultural and political, psychology as well as to demonstrate the basic principle of tourism and a tourism relations and interaction with its surroundings.

**Key words:** Tourism, Tourism development, Tourist, Tourist activity.

**پێشــەكی**

پیشەسازی گەشتووگوزاری بە یەكێك لە دیارترین چالاكییە ڕۆشنبیری وكۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەییەكان دادەنرێت، كە دەبێتە هۆی بەرزكردنەوەی ئاستی داهاتی نەتەوەی و تاك و هۆكارێكیشە بۆ باشتركردنی ئاستی بژێوی گوزەران و باشتركردنی خزمەتگوزاریە جیاوازەكان، هەروەها تێكەڵاوبوون و ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و دابونەریتە كۆمەڵایەتییەكانە لە نێوان گەشتیاران و ئەو گروپانەی لە شارە گەشتیاریەكاندا هەن كرانەوەی كۆمەڵگا داخراوەكان بە ڕووی دەرەوەدا، لەم ڕوانگەیەوە گەشتوگوزار زۆر لە دەوڵەتان هان دەدات بۆ گرنگیدانیان بە گەشتووگوزاری و گواستنەوەی بۆ پیشەسازی ڕاستەقینەو ئامرازێك بۆ بە دەستهێنانی گەشەپێدانی ئابووری و كۆمەڵایەتی. كەرتی گەشتوگوزاری یەكێكە لەو كەرتە گرنگانەی كە بایەخێكی زۆری لەلایەن دەوڵەتانەوە پێدراوە كە تا ئاستێكی زۆر گرنگی ئابووری هەیە كە ڕۆڵێكی گەورەی لە ژیانی نەتەوەو گەلەكان لە ڕووی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووریەوە هەبووە.

**بابەتی توێژینەوەكە**

گەشتوگوزاری وەك بوارێكی مرۆیی گرنگ،سەرچاوەیەكی بەهێزە بۆ گەشەپێدانی كۆمەلایەتی و ئابووری و كلتووری كۆمەڵگە و دەرخستنی چەمك و بنەما و مێژوو و ئامانجی گەشتوگوزاری بە شێوازێكی زانستیانەو، لە ڕوانگەی كۆمەڵناسیەوە كارێكی بەرهەمدارە،هۆكارێكە بۆ ئاشناكردنی بە تاكەكانی كۆمەڵگەوەو، بەرزكردنەوەی هۆشیاری كۆمەلایەتی كە سەرەنجام گۆڕانكاری لە باشكردنی نەوعی ئەم بوارەدا دەستەبەردەكات.

**كێشەی توێژینەوەكە**

كێشەی توێژینەوەكە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە كەرتی گەشتوگوزاری گرنگی پێنەدراوە و نەتوانراوە ئەو كەرتە بەشداری تەواو بكات لە بەدەستهێنان و خولقاندنی داهاتی نەتەوەدا و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بگێڕێت لەسەر ئاستی هەمووەكی لە هەرێمدا.

**گریمانەی توێژینەوەكە**

گریمانەی توێژینەوەكە پشت دەبەستێت بەمانەی لای خوارەوە:

١- ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە كەرتی گەشتوگوزار دەبێتە هۆی دروست بوونی گەشی ئابووری.
٢- كەرتی گەشتوگوزار دەكرێت ببێتەكەرتێكی گرنگی بەرهەمێنان و بەهێزبوونی ئابووری.

**گرنگی توێژینەوەكە**

گرنگی توێژینەوەكە لەم خاڵانەدا دەردەكەوێت:

1- لەم توێژینەوەیەدا گرنگی بە دەرخستن و شیكاریكردنی بنەما سەرەكییەكانی گەشتووگوزاری دەدات.
2- گرنگیدەدات بەو كارلێكەی كە گەشتوگوزاری لەگەڵ دەووروبەریدا ئەنجامی دەدات لە ڕووی (ئابووری و كۆمەڵایەتی وكلتووری و ژینگەیەوە).
3- گرنگی تێۆری هەیە بەو پێیەی توێژینەوەكە تێۆریەو بە پشتبەستن بە سەرچاوە زانستیەكانی كە قسە لەسەر گەشتووگوزاری دەكات.
4- توێژینەوەكە دەبێتە پاشخانێكی زانستی بۆ ئەو توێژەرانەی دواتر لەسەر ئەم بابەتە توێژینەوە ئەنجام دەدەن.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**ئامانجی توێژینەوەکە**

1- خستنەڕووی چەمکی گەشتوگوزاری لە ڕووی (ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و دەروونی و سیاسیەوە).
2- دەرخستنی ڕۆڵی بنەما سەرەکییەکانی گەشتوگوزاریە کە بریتیە لە خەسڵەت و ئامانج و پاڵنەرەکانی گەشتووگوزاری
3- زانینی کارلێکی گەشتووگوزار لەگەڵ دەوروبەریدا (ئابووری و،کۆمەڵایەتی،کەلتووری و، ژینگەیی).

**میتۆدی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی کتێبخانەی (المنهج المكتبي) بەکارهاتووە بەو پێیەی توێژینەوەکە تێۆرییە، بۆیە ئەم میتۆدە بەکارهێنراوە چونکە میتۆدێکی زانستیە بە پشتبەستن بەو سەرچاوە هەمەجۆرانەی کە لەسەر گەشتووگوزاری دەدوێن توێژینەوەکە ئەنجام دەدرێت.

**یەکەم: چەمکەکانی گەشتوگوزار و ئەو چەمکانەی پێوەی بەندن**

**- گەشتوگوزار (Tourism)**

وێرای هاوکۆکی زۆرێک لەزانایانی گەشتوگوزار لەسەرپێناسەکردنی گەشتوگوزار بەڵام ئاسان نییە بتوانین پێناسەیەکی گشتگیر بۆ گەشت و گوزار بدۆزینەوە، بەڵام دەتوانین بگەینە پێناسە گەلێک کە سروشتی ئەم چالاکیە ڕوون دەکاتەوە و لایەنە جیاوازەکانی پۆلێن بکات، هەندێک لەدیدێکی کۆمەڵایەتیەوە تەماشای دەکەن و، لەکاتێکدا هەندێکی تر لەلایەنێکی ئابوورییەوە تەماشای دەکەن، هەندێکی تر لەدیدی دەرونی و کات بەسەربردن تەماشای دەکەن. لێرەوە هەندێ لەو پێناسە گرنگانە دەخەینە ڕوو بەپێی ئەو لایەنانە:

**واتای زمانەوانی چەمکی گەشتوگوزار**

لەفەرهەنگی (معجم الوسيط)دا هاتووە کە، گەشت و گوزار واتا : گواستنەوە لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر بۆ کات بەسەر بردن یان ڕوانین و پشکنین (معجم الوسيط،2004 : 467).

هەروەها لەفەرهەنگی (ویبستر) داهاتووە کەگەشت و گوزار مەبەست لێی گەشتێکە کە تاک پێی هەڵدەستێت و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ هەمان خاڵ کە لێوەی دەستپێکردووە، بەمانایەکی تر گەشتێکی بازنەییە لەگەڵ پلان بۆ ژمارەیەک شوێن لە پێناو کارو ڕابواردن و فێربوون (بخار، 2012 : 8)

هەروەها (ئەکادیمیای نێودەوڵەتی بۆ گەشت و گوزار) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە (گەشت و گوزار) دەربڕینێکە بۆ گەشتەکان و کات بەسەر بردن : بریتییە لەکۆی چالاکی مرۆیی کە ئەنجام دەدرێت بۆ بەدەست هێنانی ئەم گەشتانەو، پیشەیەکی بەشداریشە لە ڕازیکردنی پێداویستیەکانی گەشتیاران (جورج،2002 : 455).

چەمکی گەشت و گوزار لەلایەنی کۆمەلاتیەوە :

(جلاکسمان)ی سویسری پێناسەی گەشت و گوزار دەکات بەوەی کە بریتیە لەکۆی پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان ئەو کەسانەی کەبە شێوەیەکی کاتی لە شوێنێکدا نیشتەجێن و ئەوکەسانەی کە بە شێوەیەکی بەردەوام لە هەمان ناوچەدا نیشتەجێن (دعبس، 2001 : 14).

کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشت و گوزاری نێودەوڵەتی کەساڵی 1963 لەڕۆما بەسترا، دانی بەوەدا نا کە گەشتوگوزار دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مرۆییە کە هەڵدەستێت بە گواستنەوەی تاکەکان لە شوێنی هەمیشەیی خۆیان بۆ دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبونی گەشتیار بۆ ماوەیەکی کاتی کە کەمتر نەبێت لە 24 کاتژمێر و زیاتر نەبێت لە 12 مانگ بە ئامانجی گەشت و گوزار و کات بەسەر بردن و، چارەسەر کردن، یان جێماوە مێژووییەکان بێت (عبدالجليل، 2014 : 213).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**چەمکی گەشتوگوزار لەڕووی دەروونیەوە**

زانای ئەڵمانی (جوییر فردیلر) Guyer Frauler لە ساڵی (1905) دا پێناسەی گەشت و گوزاری دەکات و دەڵێت دیاردەیەکی سەردەمیانەیە کەسەرچاوە دەگرێت لە پێویستی زۆر بۆ پشوو دان و گۆڕینی کەش و هەوا و دروستکردنی هەست بەرامبەر بەجوانی سروشت و برەودان بەو هەستە و هەروەها هەستکردن بەخۆشی و شادی و مانەوە لەناوچەیەکدا کە سروشتێکی تایبەتی هەیە (الظاهر و الیاس، 2001 : 29).

**چەمکی گەشتوگوزار لەلایەنی کلتووری و ژیارییەوە**

بریتیە لەجوڵەیەکی داینامیکی کەپەیوەستە بە کلتوور و ژیاری مرۆڤەوە، واتا پەیامیکی ژیارییە و هەروەها پردێکی پەیوەندییە لە نێوان کلتورەکان و کۆ زانیاری مرۆیی ئەو نەتەوەو گەلانە و بارێکی سروشتی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگە گەشت و گوزاریانە و بەرزبونەوەی ئاستی بژێوی تاکە (مقابلة،،2007 :79).

**چەمکی گەشتوگوزار لەلایەنی ئابوورییەوە**

هەرچی ئابووریناسانن لەلایەنی خواست لەسەر خزمەتگوزارییەکانی گەشت و مانەوە لە (هۆتێل و ئاپارتمانی ڕاخراو و ڕەشماڵەکان)، تەماشای گەشت و گوزار دەکەن، هەروەها هەرچییەک کەپەیوەست بێت بەو گەشتە دیاری کراوەوە وەک شمەک خزمەتگوزاری، هەروەها لەلایەنی خستنە ڕووشەوە وەک پیشەیەکی بەرهەمهێن تەماشای دەکەن (صالح،2008 : 59).

**چەمکی گەشتوگوزار لەلایەنی ڕامیارییەوە**

لەلایەنی ڕامیارییەوە، هەر وەک وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە، لەمامەڵەی هاوڵاتیانی ووڵاتە جیاوازەکان لەنێوان خۆیاندا، و ئەو سەردانە گەشتوگوزار ئاڵوگۆڕانەی نێوانیانە، ئەو جولە گەشتوگوزارییانە ڕۆڵێکی گرنگ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەبینن بەجۆرێک کە بەیەکێک لە ئاراستە نوێیەکان ناوزەند دەکرێ بۆ کەمکردنەوەی ململانێ و ناکۆکی نێودەوڵەتی کە لە نێوان دەوڵەتە ناکۆکەکاندا دروست دەبێت (حجاب، 2003 : 29).

کەواتە پێناسەمان بۆ گەشتوگوزار: بریتیە لە جوڵەیەکی داینەمیکی کە پەیوەستە بە کۆمەڵێك چالاکی کۆمەڵایەتی وئابووری و ڕۆشنبیری کە تاك پێهەڵدەستێت بۆ گۆڕینی شوێنی هەمیشەی خۆی بە مەبەستی حەوانەوەی جەستەیی دەروونی وفکری.

**ئەو چەمکانەی کە پەیوەستن بە گەشتووگوزارەوە**

**پێناسەی چەمکی گەشتیار**

ووشەی گەشتیار لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا (کەسێکە لە ووڵاتێکدا بۆ گەشت وتێروانین و توێژینەوەو پشکنین شوێنەکەی خۆی بە جێدەهێڵێت (مصطفی، بدون سنة الطبع :469).

ڕیکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی لە ساڵی 1991 گەشتیاری بەم شێوەیە پێناسە کردووە ئەو کەسەیە کە گەشتدەکات بۆ ووڵاتێك بەبێ ئەوەی لەو ووڵاتە نیشتەجێ بێت یان بەلای کەمەوە تەنها یەك شەو لەو شوێنەدا دەمێنێتەوە کە زیاتر نیە لە ساڵێك بە مەبەستی دابینکردنی حەزوو ئارەزوەکانی و بەبێ ئەوەی لەو وڵاتەی سەردانیکردوە لە بەرامبەریدا هیچ دەستکەوتێکی مادی دەستکەوێت (Stephen and Joanne,2007,p14)

پێناسەمان بۆ گەشتیار: ئەو کەسەیە کە گەشت دەکات بۆ دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی وە بە هەر هۆکارێك بێت جگە لە بژێوی مادی وە بۆ ماوەی زیاتر لە 24 کاتژمێرو کەمتر لە ساڵێك.

**چالاکی گەشتوگوزار**

مەبەست لێی چالاکی مرۆییە کە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە تاکەکان دەکات کە هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردن و میوانداریکردنی ئەو تاکانە وە ئامانج لێی خستنەڕووی گەشتوگوزاریە (حسنات، 2016 : 53).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**سۆسۆلۆجیای گەشتوگوزار**

یەکێکە لەلقەکانی کۆمەڵناسی کە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی دیاردەی گەشت و گوزار و کۆمەڵگەی گەشتیاری و، هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن پێیانەوە وەک کێشە و دیاردە و پەیوەندی و خزمەتگوزاری و بەر یەککەوتنەکان...هتد (الخريف، فهد عبدالرحمن عبدالله، www.vb.ckfa.org)

**دووەم : مێژووی پەرەسەندنی گەشتوگوزار**

گەشتوگوزار بە چەمکە نوێیەکەی بریتیە لە دەرهاویشتەی سەدەی بیست و یەک و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مرۆییە کە مرۆڤ پێی ئاشنا بووە لەوەتەی خوا زەوی زیندەوەرانی سەر زەوی دروست کردووە، بۆیە بە ئەندازەی ژیان کۆنە و بە ئەندازەی مێژووش دێرینە (الجلاد، احمد :53).

لەدێر زەمانەوە مرۆڤ لە جولەی بەردەوامدا بووە لە نێوان گەشت و گواستنەوەدا بە شوێن ئارامی و سەقامگیریدا گەڕاوە، هەروەها بەدوای بژێوی و خۆراکدا گەڕاوە، خۆی ڕزگار کردووە لە کۆت و بەندی ژینگەکەی و ڕووە و زانیاری و کۆ زانیاری ڕۆشتووە، دواتر دیاردەی گواستنەوەی مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕاوە بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتوری، کە ئامانجی ڕۆشنبیری و ئارامی و کات بەسەربردن بووە (زهران، 2004 : 7).

هەر بۆیە گەشتو گوزار ڕۆڵێکی گەورەی لە ژیانی گەلاندا هەبووە و ڕەهەندی گەورەی لەخۆگرتووە لەڕووبڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە، هەروەک داهاتەکەی کێبرکێ ی دەکرد لەگەڵ زۆرێک لە پیشەکانی تردا لەمیانەی ئەو داهاتە زۆرەی دەستەبەری دەکرد، کەڕۆڵی گرنگی هەبوو لە چارەسەرکردنی زۆرێک لەو کێشانەی بەرەو ڕووی دەبوونەوە، ئیتر لەو پێناوەدا ڕێکخراوناوخۆی و نێودەوڵەتی دروست کران کەپشتیوانی کارو بارەکەی دەکرد و گرنگی پێدەدا بۆ پێشخستن و برەو پێدان و چالاککردنی لەنێو وڵاتە جیاوازەکاندا (الجلاد، :53 ).

هەروەها دەوڵەتە گەشتو گوزارییەکان کێبرکێیان دەکرد لەنێوان خۆیاندا لەسەر خۆش مامەڵە کردنی گەشتیار و لادانی هەر کۆسپێک کەبێتە بەردەم گەشتەکەی و ئەو هەستەی بدرێتێ کە هەردەم پێشوازی لێکراوە.

ئەم جۆرە مامەڵە کردنە لەگەڵ گەشتیاردا بەم شێوازە چاکە تەنها ناکەوێتە سەر شانی بەرپرسەکانی بواری چالاکی گەشتیاری یان ئەوانەی کاری تێدا دەکەن، بەڵکو درێژە دەکێشیت بۆ سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگەو، لەسەرەتای هاتنە ناوەوەی گەشتیار بۆ وڵاتەکە هەتا بە جێهێشتنی، ئەمەش بەوە دەبێت کە برەو بدرێ بەو هەستە لەلای هاوڵاتیان کە گەشتیار بەهاتنی سوود بە وڵاتەکەیان دەگەیەنێت (زکی،2008 : 3-4).

**1- سەردەمە کۆنەکان**

غەریزەی هاموشۆ و گەشت کردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە مرۆڤدا هەر لەسەرەتای دروست بونیەوە هەبوە، لەپێناو بژێوی و ژیانێکی باشتردا گەڕاوە، چونکە هیچ ڕێکخراو یان لایەنێکی فەرمی نەبووە کە پێداویستیە لە پێشینەکانی مرۆڤ دەستەبەر بکات، بۆیە دەبوو خۆی بەدوایدا بگەڕێ، وە هیچ یاسا و نەریتێکیش نەبووە کەحوکم بدات بەسەر ڕەفتار و پابەندییکانیدا جگە لە یاساکانی خودی سروشت نەبێت (توفيق،2008 :14).

لەو سەردەمەدا گەشتکردن بەمەبەستی بازرگانی کردن و جێبەجێکردنی ئەرکی سەربازی بوو، و ئەوەی کە پەیوەست بوو بە کاروباری دەولەتەکە و بەڕێوەبردنی ئەو شارانەی کە دەکەوتە چوارچێوەی حکومەکەیەوە، فینیقیەکانیش بە بەناوبانگترین گەلانی کۆن ناوزەند دەکرێن کە پیادەی گەشتیان کردووە و گەڕاون بەدوای زانیاری و دەستکەوتی مادیدا (ملوخية،2008 : 16).

**2- سەدەکانی ناوەڕاست**

ئەم قۆناغە بەکەوتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ساڵی 395 دەستپێدەکات هەتا سەدەی پانزەیەم، گرنگترین فاکتەرەکانی گەشتکردن لەم سەردەمەدا بریتی بوو لە :-أ- پاڵنەری بازرگانی ب- پاڵنەری ئاینی ج- پاڵنەری گەشت و گەڕان بەدوای شتدا،د- پاڵنەری وەرگرتنی زانیاری و پتەوکردنی پەیوەندییەکان -پاڵنەری چارەسەرکردن (سهام، 2018 : 48).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**3- سەردەمی ڕاپەڕینی ئەورووپی**

ئەم ماوەیە، کەلەسەدەی شانزەوە دەست پێ دەکات هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەی زاینی، پێشکەوتنی لەبواری گەشت و گوزاردا بەخۆوە بینی، لەگەڵ سەرەتای دۆزینەوەی جوگرافیادا کە بووە هۆی دۆزینەوەی جیهانی نوێی (هەردوو ئەمریکا)، کە یەکێکە لە سیما سەرەکیەکانی ئەم ماوەیە کە پەیوەستە بە گەشت و گوزار و گەشتیارەوە (الحميری و الحوامرة،2006 :17).

**4- گەشتیار لەسەردەمی نوێدا**

ئەم قۆناغەی مێژوو لەسەدەی نۆزدەوە دەست پێ دەکات هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، لەم سەردەمەدا مرۆڤ پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوەبینی لەبواری بیر و زانست و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە، هەر وەک لەسەردەمی تاریکیەوە گواسترایەوە بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری، ئیتر ڕاپەڕین لە ژیانی نوێی مرۆڤدا دەستی پێکرد، کە گەشت و گوزاریشی گرتەوە، وە بەخێراییەکی بەرچاو پەرەی سەند کە هاوڕەوی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و وڵاتانی دەکرد (سرحان، 2011 :6).

**5- قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانی هەتا ئێستا**

گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی پێشکەوتنی گەشت و گوزار لەم قۆناغەدا بریتی بوو لە:

ا- زیادبوونی هەست و ئارەزووی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئەورووپی بۆ لابردنی کۆت و بەندی ڕامیاری و ڕوانین بۆ دروست کردنی یەکەیەکی ئەورووپی گشتگیر.
ب- ئەو هەنگاوە ئابوورییە گەورانەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا بەدەستیان هێنا کە ئاکامەکەی بریتی بوو لە بەرزبونەوەی ئاستی بژێوی و زیادبونی داهاتی تاک.
ج- ئەو پەرەسەندنە گەورەیەی کە ئامرازەکانی گواستنەوەی ئاسمانی و وشکانی بەخۆیەوە بینی کە بووە هۆی بەرپا بوونی شۆڕشێکی گەورە لە جیهانی گەشت و گوزاریدا و ڕاپەڕینێکی مەزن بوو لەبواری ئەو چالاکیەدا (سفر و سياحة جغرافيا السياحة و الطيران 182 سفر :6).
د- دەوڵەتە پیشەسازییەکان یاساگەلێکیان دەرکرد بۆ کرێکار کە ئامانج لێی کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن بوو و هەروەها زیادکردنی ماوەی پشووی ساڵانە و زیادکردنی ئاستی کرێ، کە ئەمەش بووە هۆی نەشونماکردنی زیاتری کەرتی گەشتوگوزار.
ه- کەمکردنەوەی نرخی گەشتە گشتییەکان بە فڕۆکە charters لە ماوەی ساڵانی 1960-1966 کە بووە هۆی چەندینەبوونی ئەو گەشتانە و هەروەها هاوئاهەنگ بوو بۆ ئاسانکاری گەشتوگوزار بۆ شوێنە دوورەکان ودۆزینەوەی بازاڕی گەشتیاری نوێ.
و- دەرکەوتنی حەز و ئارەزوو و پێویستیی مرۆیی وەك مەبەستی کات بەسەربردن و کلتووریی و تەندروستی، کە بووە هۆی پەرەسەندنی جوڵەی گەشتیاریی بەشێوەیەکی گەورە.
ی- گرنگیدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە گەشتوگوزار وەك چالاکییەکی مرۆیی کە ئارەزووی لەسەرە و شایستەی ئەوەیە کە هانبدرێت لەلایەن هەموو گەل و حکومەتەکانەوە (السيسی، 2001 :18-19).

کەواتەگەشتوگوزار وەکو کەرتێکی گرنگ چەندین قۆناغی مێژووی تێپەڕاندووە تاکو گەیشتوتە ئەم بارەی ئێستا کە لە هەموو جیهاندا بایەخی تایبەتی پێدەدرێت وبەرەو پێشەوە دەبرێت.

**سێیەم: جۆرەکانی گەشتوگوزاری**

جۆرەکانی گەشتوگوزار جیاوازە بەپێی پاڵنەر و حەز و ئەو پێداویستییانەی دەشێ دروستی بکات یان بیبزوێنێ، وەك گەشتوگوزاری کلتووری و کاتبەسەربردن و چارەسەرکردن و ئاینی و وەرزشی، وێڕای جۆرگەلێکی نوێی تر.

**١- بەپێی ژمارەی گەشتیارەکان:** بەپێی ئەم پێوەرە چەند جۆرێك هەیە:

**ا- گەشتوگوزاری تاك:** کە پشت نابەستێت بە بەرنامەیەکی دیاریکراو، و خۆبەخۆیە و کۆمەڵێك یان تاکە کەسێك ئەنجامی دەدەن بو سەردانکردنی شارێك یان ناوچەیەك، کە بە گوێرەی ماوەی پشووەکەیان لەوێ دەمێننەوە.
**ب- گەشتوگوزاری بە کۆمەڵی:** کە بە پێچەوانەی یەکەمەوەیە، ڕێکخراو و دیاریکراوە، واتە پێشتر هەموو شتێك ڕێکخراوە لەلایەن کۆمپانیاکانی گەشتوگوزارەوە (توفيق :52).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**٢- بەپێی جۆری هۆکاری هاتووچوی بەکارهاتوو:**

- گەشتوگوزاری وشکانیی (ئۆتۆمبیلی تایبەت، هێڵی شەمەندەفەر، ئۆتۆبیسی گشتی یان تایبەتی).
- گەشتوگوزاری ئاسمانی (فرۆکە جیاوازەکان) (الصيرفي، 2007 :48).

**٣- بەپێی تەمەن:**

- گەشتوگوزاری گەنجان (لە نێوان 16 و سی ساڵی).
- گەشتوگوزاری تەمەن ناوەندیی (لە نێوان 30 بۆ 60 ساڵیدا).
- گەشتوگوزاری بەتەمەنەکان (دوای 60 ساڵ و زیاتر).

**٤- بەپێی رەگەز:**

- گەشتوگوزاری پیاوان.
- گەشتوگوزاری ژنان (الشرقاوي واخرون، 2006 :73).

**٥- بەپێی دووری شوێن (جوگرافی):** دەکرێ سێ جۆری گەشتوگوزار جودابکەینەوە، ئەوانیش:

ا- گەشتوگوزاری ناوخۆیی : واتا گواستنەوەی تاکەکان لە ناو هەمان وڵاتی خۆیاندا، یان گواستنەوەی هاوڵاتیانی هەمان وڵات لەناو خودی وڵاتەکەیاندا، ئەم جۆرە گەشتوگوزارە پێویستی بە خزمەتگوزاری جۆراوجۆر و نرخی جۆراوجۆر و هاندانی هاوڵاتیانی وڵاتەکەیە، ئەم جۆرە بە گرنگترین جۆرەکانی گەشتوگوزار لەسەر ئاستی ناوخۆیی ناوزەند دەکرێ (ریان، 2017-2018 :49).

ب- گەشتوگوزاری دەرەکی: بریتییە لە گواستنەوەی تاکەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەییانەوە بۆ شوێنگەلێکی تر لە دەرەوەی سنووری نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیان و مانەوەیان لەو شوێنە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بەو مەرجەی مانەوەکەیان هەمیشەیی نەبێت و بۆ مەبەستی کارکردن نەبێت، وە پێویستە ئیزنی چوونە ناو وڵاتەکەوە (ڤیزەی داخڵبوون) بەدەست بێنێت. خەمڵاندنەکانی ڕێکخراوی گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی لە کۆتایی حەفتاکاندا ئاماژە بەوە دەکەن کە گەشتوگوزاری دەرەکی ڕێژەی 20%ی تێکڕایی خەرجیی گەشتیاری جیهانی پێکدەهێنێت. (موسيس، 2005 :39-40).

**٦- بەپێی ئاستی کۆمەڵایەتی یان ئاستی خەرجی**، لەوانە:

ا- گەشتوگوزاری دەوڵەمەندەکان و چینی ئۆرۆسقراتییەکان: کە بە هۆکاریی گواستنەوەی تایبەتی خۆیان گەشت دەکەن (یەخت، فرۆکە).

ب- گەشتوگوزاری چینی تایبەت: ئەوانەن کە هۆکاری گواستنەوەی تایبەت بەکاردەهێنن لە خزمەتگوزاریی و گواستنەوەکان (ئۆتێلی پێنج ئەستێرە، شوێنی پلە یەك و شتی تر).

ج- گەشتوگوزاری میلیی: ئەوانەن کە خاوەنی داهاتێکی سنووردارن، پێشی دەوترێت گەشتوگوزاری کۆمەڵایەتی، کە تاکەکان بەشداری لەگەڵ یەکتر دەکەن لە هۆکاری گواستنەوەی دیاریکراودا، لەپشت ئەم جۆرە گەشتوگوزارانەوە هەندێ دامەزراوە هەن کە بە شێوەی پێدان یان هاوکاریکردن یان ئاسانکاریی تایبەت پێشکەشی دەکەن، یان بە هاوبەشیکردن وهاوکارییکردنی حکومەت یان سەندیکاکان یان یەکێتیەکانەوەدەبێت (ال دغيم، 2014 :30-31).

**٧- بەپێی ماوەی بەرنامەی گەشتوگوزار**، دابەشدەبێت بە:

ا- گەشتوگوزاری ڕۆژەکان: ئەم جۆرە چەند ڕۆژێکی دیاریکراو دەخایەنێت، ڕەنگە پشووی کۆتایی هەفتە بێت.

ب- گەشتوگوزاری وەرزیی: ئەم جۆرە گەشتوگوزارە پەیوەستە بە وەرزێکی دیاریکراو یان گەشتیار لە ناوچەیەکی دیاریکراو وەرزێکی دیاریکراو دەباتە سەر، کە ماوەکەی لە نێوان مانگێك بۆ سێ مانگدایە، زۆر جار ئەم جۆرە گەشتە سیفەتێکی خولیی یان دووبارە یان هەمان گەشتیارانی دەبێت کە سەردانی هەمان شوێن دەکەن ساڵ بە ساڵ.

ج- گەشتوگوزاری ڕێبواریی: ئەم جۆرە گەشتوگوزارە کاتێك دەبێت کە گەشتیاران بە ڕێگەی وشکانیی بگوازرێنەوە لە ڕێگەی بارهەڵگری گەشتوگوزارییەوە، بەجۆرێك کە روو دەکاتە شارێك، بە شارێکی تردا گوزەر دەکات و ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ تێیدا دەمێنێتەوە (سهام :37).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**٨- گەشتوگوزار بەپێی هۆکار و پاڵنەرەکانی جوڵەی گەشتیاری**، ئەمە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئارەزووی گەشتیارانەوە، لێرەدا ئەم جۆرە گەشتوگوزارانە دەردەکەون:

ا- گەشتوگوزاری کاتبەسەربردن : لە ئێستادا گرنگترین و بڵاوترین جۆرەکانی گەشتوگوزارە، کە بووەتە پێویستییەکی کۆمەڵایەتی بەتایبەت بۆ دانیشتوانی شارەکان، لە ئاکامی ماندوێتی و ڕەتاندنی کار و ژیانی ئاڵۆزی ڕۆژانە و دووریی لە سروشت، ئەم جۆرە گەشتوگوزارە زۆرێك لە چالاکییەکانی کات بەسەربردن و ئارامیی دەروونی دەگرێتەوە کە بەردەستن لە سەیرانگەی ئاوی و شاخاوییەکان و شارەکانی پشوودانی دەروونی (جیهانی دیزنی) و باخە نیشتمانییەکان (یونس : ص25 -26).

ب- گەشتوگوزاری مێژوویی کلتووریی: پیشەسازی گەشتوگوزاری گرنگی گەورە دەدات بە کەلەپووری کلتووری، بەو پێیەی کە لە پێکهێنە سەرەکییەکانی چالاکی گەشتیارییە، چونکە هاوکاری دەبێت بە سەرچاوەی فرە و هەمەجۆر کە دەبنە بەرهەمگەلێك گرنگی خۆیان دەبێت لە چوارچێوەی ڕەگەزەکانی خستەڕووی گەشتیاریدا، هەروەها ئەم جۆرە لە گەشتوگوزار دەوەستێتە سەر بەکارهێنانی سەرچاوەکانی کەلەپووری کلتووریی کە خۆی لە مۆزەخانە و پێکهاتەکانی و شوێنەوارە دێرین و مێژووییەکان و هەروەها شوێنە کەلەپوورییە بیناسازییەکان، و بەرهەمی پیشەسازییە تەقلیدییەکان و، وێڕای ڕەگەزەکانی کەلەپووری کلتوورییە نامادییەکان یان کەلەپوورە هەستپێنەکراوەکان، وەك شێوازەکانی ژیانی گەلان، و داب و نەریتەکانیان دەنوێنێت (عشی، 2010-2011 :19).

ج- گەشتوگوزاری کۆنگرەکان: ئەم جۆرە گەشتوگوزارە پێویستی بە توانستی گەشتیاری گەورەیە لە ڕووی دەستخستنی شوێنی مانەوە و گواستنەوەی گەشتیاری وئاسانکارییە گەشتیاریەکانی تر، و هەروەها دەستخستنی ئاستێکی بەرز لە ڕووی ژمارەی شارەزایان و ڕێکخەرانی شارەکانی کۆنگرەکان، کە بێگومان خاوەنی مەبەستێکی ڕاگەیاندنی گەورەیە بۆیە وڵاتە گەورەکان کێبڕکێ دەکەن لەسەر میوانداری کۆنگرەکان بۆئەوەی دەستکەوتی سیاسی و ئابووری جیاوازیان لێوە دەستبکەوێت، (القضاە والطالب، 2009 :67).

د- گەشتوگوزاری تەندروستی: لە پێناوی خۆشی دەروون و جەستەدا، ئەم جۆرە پیادەکردنە بڵاوە بەتایبەت لەلای ئەو کەسانەی کە بەدەست نەخۆشی درێژخایەنەوە دەناڵێنن، وەك نەخۆشییەکانی سنگ و ڕەبو و هەروەها نەخۆشییەکانی پێست و ڕۆماتیزم، لەم کاتەدا چارەسەرکردنەکە وادەخوازێ کە کەشوهەواکە بگۆڕێ و لە کەشوهەوایەکی ساردەوە بگوازیتەوە بۆ فێنك یان لە کەشێکی ساردەوە بۆ گەرم، ئەم جۆرە گەشتوگوزارە لە هەندێ وڵاتدا پەرەی سەند ئەوانەی کە گەشتوگوزاری چارەسەرکردنیان کردە شناسی گەشتیاری خۆیان وەك ئیتالیا و فەرەنسا و ئوردن، ئەم شێوازە دەکرێ بە دوو بەشەوە:

ا- گەشتیاری پزیشکی: ئەو بیانییانەی کە دێن بە مەبەستی برینپێچی و چارەسەرکردن، بۆ ئەو نەخۆشخانانەی کە خاوەن ناوبانگێکی گەورەن لەو بوارەدا.

ب- گەشتیاری گەرماوی کانزایی: کە پشت دەبەستێت بە سەرچاوە سروشتییەکان وەکو گەرماوی کانزایی و، کانە هەڵمییەکان و ئاوی دەریاکان. (یحیاوی، 2011-2012 :29-30).

ە- گەشتوگوزاری ئاینی: ئەم جۆرە گەشتوگوزارە مێژوویەکی کۆنی هەیە، و زۆرێک لە وڵاتان کە سەر بە ئاینە جیاوازەکانن ئەم جۆرە گەشتوگوزارەی تێدایە، کە لە پێشەوەیاندا مەملەکەتی شانشینی عەرەبی سعودییە کە بەناوبانگە بە حەج و عومرە هەروەها شاری (قودس) لە فەلەستین و ناوچەی کەربەلا و نەجەف لە عێراق کە مەزارگەی پێشەوایان و هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) لێیە، هەروەها فاتیکان و چین و هند بۆ هەندێ لە ئاین و تایەفەکان (عبوی، 2007 :189).

و- گەشتوگوزاری وەرزشی: مەبەست لێی گواستنەوەیە لە شوێنی نیشتەجی بوونەوە بۆ شوێنێکی تر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە مەبەستی پیادەکردنی چالاکی وەرزشی جیاواز یان چێژوەرگرتن بە بینینی ئەو چالاکییانە، نموونەی ئەم جۆرە دەبینین لە خولەکانی یاری ئۆلۆمپی و پاڵەوانێتییە جیهانییە جیاوازەکان (عبدالقادر، 2012-2013 : 23).

ی- گەشتوگوزاری بازاڕکردن: گەشتوگوزاریەکی تازەیە مەبەست لێی کڕینی بەرهەمی وڵاتێکی دیکەیە کە دابەزینی نرخیان کردوە لە پێناو ڕاکێشانی گەشتیاران بەلای خۆیاندا (السعیدی، 2008 :144).

لە ئێستادا چەندین جۆری تری گەشتوگوزاری سەریان هەڵداوە کە خەڵک بە مەبەست و بێ مەبەست ئەنجامی دەدەن وەکوگەشتوگوزاری (فێربوون وڕاهێنان وکڕین و فرۆشتن و گەشتوگوزاری دارستان و گەشتوگوزاری سروشت و بیابانەکان وگەشتوگوزاری چادرگەو گەشتوگوزاری دروستکردنی خواردن گەشتوزاری جلوبەرگ،گەشتوگوزاری زەویناسی و


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

گەشتوگوزاری بۆشایی ئاسمان و...هتد هەموو ئەمانە بە گەشتوگوزار دادەنرێن چونکە گەشتیار شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی بە جێدەهێڵێت و دەچێتە ناوچەیەکی تر بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکیانە ئەویش بە پڕکردنەوەی خواست و ئارەزووەکانی خۆی ئەنجامیدەدات،هەربۆیە ئامانجی گەشتەکە جۆری گەشتوگوزارەکە دیاریدەکات.

**چوارەم: گرنگی گەشتوگوزار**

گەشتوگوزاری گرنگییەکی گەورەی هەیە و پێگەیەکی جیاوازی لە سیاسەتی گەشەپێدانی دەوڵەتە پێشکەوتوو دواکەوتووەکاندا داگیرکردووە، وە لێرەدا گرنگی گەشتوگوزاری لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

**1- گرنگی ئابووری**

- زیادبوونی تێکڕایی داهاتی نیشتمانی وڵات، ئەم زیادەیە لە میانەی کەڵک وەرگرتن دەبێت لە داهات و خەرجی خزمەتگوزارییەکانی وەک (مانەوە، خواردن، خواردنەوە، شمەك، دیاری، سووتەمەنی، خواردنەوەکان).
- هاوبەشی دەکات لە پشتیوانیکردنی ئابووری ناوخۆیی و جیهانی، گرنگی ئابووری پیشەی گەشتیاری بریتییە لە ڕاکێشانی نەختینەی گرانبەها و سەرمایەداران.
- هاوکارە لە بەکارخستنی دەستی کار و کەمکردنەوەی بێکاریدا.
- گرنگی گەشتوگوزار زیاد دەکات لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا کە ئامانجیان دەستەبەرکردنی زیادەیە لە بواری بوجە و هەروەها دەستەبەرکردنی زیادەیە لە بواری دراوی قورس و گرانبەهادا (عبوی، 2008 : 16).

**ب- گرنگی کۆمەڵایەتی و کلتووریی**

گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ناوخۆیی دەبێتە هۆی زیادکردنی وابەستەیی کۆمەڵایەتی و کلتووریی لە نێوان دانیشتوان و هەروەها یەکترناسینی زیاتر، لە کاتێکدا کە گەشەپێدانی گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی کاردەکات بۆ برەودان ئاڵوگۆڕی کلتووری و ژیاری نێوان گەلان، چونکە چالاکی گەشتوگوزاریی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی سروشتی دەبێتە هۆی ئاشنابوونی گەشتیاران لە وڵاتانی جیاواز لەسەر کلتوور و ژیاریی ئەو گەلانەی پێشوازیان لێدەکەن و میواندارییان دەکەن. (حسنين، 2006 :14).

**ج- گرنگی ژینگەیی و ئاوەدانیی**

گەشتوگوزار دەتوانێ بەشێوەیەکی نموونەیی سەرچاوە مرۆییەکان بەکاربهێنێت و هانییدان بۆ پاراستنی و ڕێگری بکات لە خراپ بەکارهێنانی زەوی بەو جۆرەی کە ئەوپەڕی سوود دەستەبەر بکات و نەبێتە هۆی هیچ کێشە و جێکەوتی خراپ لەسەر ژینگە، جگە لەوەش، چالاکییە گەشتوگوزارییەکان گرنگی بە بواری جوانکاری ناوچە گەشتیاریەکان دەدات لە ڕووی جوانی و سروشتی و خزمەتگوزاریە مرۆییەکانەوە (غنيم وسعد، 2003 :42).

**د- گرنگی رامیاری**

گەشتوگوزار رۆڵی دەبێت لە چاککردنی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان و چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشە ڕامیاریەکان لە میانەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنیان لەیەکتری، هەروەك هاوکاری لێکتێگەیشتنی نێوان گەلە جیاوازەکان دەکات و هاوکاریشە لە بڵاوبوونەوەی ئاشتی و پێکەوە ژیان، وپشتیوانیکردن لە بەردەوام بوونی هاوەڵێتی نێوان گەلان لە میانەی ئەوپەیوەندیە دۆستانەیەی کە دروست دەبێت لە نێوانیاندا (صابرين، 2019 :32).

کەواتە گەشتوگوزار لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە کەوا دەکات گەشتیار لە دەوڵەتان و ناوچە جیاوازەکانەوە ڕاکیشێت بۆ ئەو ناوچانەی کە هەموو پێداویستی و ئاسانکاریە گەشتوگوزاریەکانیان بۆ تەرخانکراوە هەر لە خواردن و خواردنەوەو شوێنەکانی حەوانەوەو کات بەسەربردن و بنکەی تەندروستی و هۆیەکانی گواستنەوەو..هتد.

**پێنجەم: ئامانجەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار**

ئامانجەکانی گەشەپێدانی گەشتیاریی زۆرن، بەڵام بەزۆری پۆلێن دەکرێن بۆ دوو بەش :

**یەکەم: ئامانجە گشتییەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری:** هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە گەشەپێدانی گەشتیاریی هەوڵدەدات بۆ دەستەبەرکردنی بە شێوەیەکی گشتی، وەك:

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

-دەستەبەرکردنی گەشەکردنی ئابووری هاوسەنگ،زیادکردنی هەلی کار، هەروەها پاریزگاریکردن لە پشکی دەولەت لە بازاڕی گەشتوگوزاریی بو رووبەڕووبوونەوەی کێبرکێی نێودەولەتی، لەهەمان کاتدا زیادکردنی تێکرایی داهاتی گەشتوگوزاری وولات و هەروەها گەشەپێدانی بونیادی بنەڕەتی و دەستەبەرکردنی ئاسانکاری پێویست بۆ ئەو گەشتیارانەی کە دەمێننەوە لە وڵات (بودرباله، 2017-2016 :75).

**دووەم: ئامانجە دیاریکراوەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار**

١- زیادکردنی ژمارەی گەشتیاران: وڵاتان لە میانەی سیاسیەتی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری هەوڵدەدەن بۆ زیادکردنی ژمارەی ئەو گەشتیارانەی کە بۆی دێن، جا لە ناوچە تەقلیدییەکانەوە هاتبن یان لە میانەی کردنەوەی ناوچەی نوێوە بێت (سعیدی والعمراوی، 2013 :100).

٢- درێژکرنەوەیەکی ناوەندیی ماوەی مانەوە: ئەوەش لە میانەی چاکردن و پێشخستنی ناوچە گەشتیارییە تەقلیدییەکانەوە دەبێت، دواتریش جەختکردنەوە لەسەر دروستکردنی ناوچەی نوێ کە هەموو پێویستییەکانی تیابێت و بە نرخێکی کێبرکێ بە بەراوورد لەگەڵخزمەتگوزاری ئەوانی تردا.

٣- زیادکردنی ناوەندێتیی خەرجی رۆژانەی گەشتیار: بە لەبەرچاوگرتنی ئەو رۆڵەی دەیبینێ لە زیادکردنی بەرهەمی ئابووری لە گەشتوگوزاریدا (محمد، 2013- 2014 : 11).

٤- بەشداریکردنی کارا لە چارەسەرکردنی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان: چالاکی گەشتیاریی ئاوەژووی دیاردەیەکی مرۆییە بە رەهەندە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانییەوە.. لەکاتی هەبوونی ئەو پیشەیەدا ئەوا دەبێت کارلێك لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵگەدا بکات سەبارەت بە پێداویستییەکانی و ئارەزووەکانی ئەگەرنا دەبێتە پیشەیەکی دابڕاو و مشەخۆر و بە راستیش رووبەڕووی زۆرێك لە لەمپەر و ئاڵنگاریی دەبێتەوە (احمد، 2013 : 88).

کەواتە دەکرێت بڵێین کە ئامانجەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازە ئەگەر لە ناوخۆی وڵاتێکیشدا بێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی وولاتان لە خستنەڕووی گەشتیاری و توانستەکانی گەشەپێدانی و پێگەی ئەو ناوچانەی کە گەشتیاران رووی تێدەکەن جگە لەوەی بارودۆخی ناوخۆی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکانیش کاریگەریاک لەسەری هەیە.

**شەشەم: پاڵنەرەکانی گەشتوگوزار**

هۆکارەکانی هاندان و برەودانی خەڵك بۆ گەشتکردن بۆ شوێنێکی ترلە جیهاندا زۆرن، زۆرینەی ئەو هۆکارانە تێکەڵ و بەیەکداچوون لەگەڵ یەکدا، سەبارەت بە هەمان گەشتیار، هەر بۆیە بریاردان بۆ گەشتێکی دیاریکراو لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکارەوە دەبێت کە ئەوانیش دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی تێکەڵ بەیەك دەبن و، بەیەکەوە گرد دەبنەوە لە چوارچێوەی یەك سیستمی گۆڕاودا (کافی، 2015 :35-36).

هەندێ لەو پاڵنەرانەی کە مرۆڤ دەبزوێنن و ئارەزووی دەجوڵێنن بۆ گەشتکردن و رووکردنە شوێنی تر کە شوێنی نیشتەجێی بنەڕەتیان نییە، ئەمانەن:

١- پاڵنەرە کلتووری و مێژووییەکان: **پەیوەستە بە حەزە جیاوازەکانەوە بۆ ناسینی ژیارە کۆنەکان و بینینی شوێنەوارەکان، و زانینی ژیانی گەلان و سەربوردەیان،، کلتووریان، ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیاریی و کلتوورییان وەك ئامادەیی هەندێ رووداوە گرنگەکانی جیهان و زانینی رووداوەکانی رۆژ و پێشکەوتنی زانستی و بینینی رووداوە زانستییە نوێیەکان (نسیبە، 2013-2014 :23).

٢- پاڵنەری ئاینی: گەشتکردن بە مەبەستی بەندایەتیکردن وەك حەجکردن بۆ شوێنە پیرۆزەکان وەك مەککەی پیرۆز و سەردانیکردنی مەزاری شەهیدان لە مەدینە و مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ).

٣- پاڵنەرە نەژادی (عرقیە): کە گەشتوگوزار تیایدا لە پێناوی:

- سەردانیکردنی وڵاتی دایکە بۆ نوێکردنەوەی وابەستەییە خێزانییەکان وەك سەردانیکردنی شوێنی لە دایکبوون، و شوێنی بەسەربردنی منداڵیی، شوێنی خزم و هاوەڵان..
- گەشتکردن بە مەبەستی پاکژیی و پشوودان لە پاش چاکبوونەوە لە نەخۆشییەکی دیاریکراو یان بە مەبەستی ئارامی دەروونی، و چێژ وەرگرتن لە کەش و هەوای پاك. (حمیداتو، 2015 :18).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

٤-**پاڵنەرە تەندروستییەکان:** کە تیایدا ئامانج لە گەشتوگوزار بریتییە لە:

- دوورکەوتنەوە لە کەشوهەوای سارد و رووکردنە ناوچە گەرمەکان، یان دوورکەوتنەوە لە کەشوهەوای گەرم، و رووکردنە شوێنی فێنك بەتایبەت بۆ ئەوانەی بە تەمەنن یان نەخۆشن.
- گەشتکردن بە مەبەستی چارەسەرکردن و بەردەوامبوون.
- گەشتکردن بە مەبەستی پاکژیی و پشوودان لە پاش چاکبوونەوە لە نەخۆشییەکی دیاریکراو یان بە مەبەستی ئارامی دەروونی، و چێژ وەرگرتن لە کەش و هەوای پاك. (العسالی، 2016 :33-34).

٥- پاڵنەرە ئابوورییەکان:

- کەمکردنەوەی نرخ لە وڵاتی سەردانکراو کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی ژمارەی گەشتیاران و سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان بە کەمترین نرخ و دەستەبەرکردنی شمەك و خزمەتگوزارییەکان بە کەمترین نرخ.
- جیاوازی نرخی دراو لەکاتی گۆڕینەوەدا دەبێتە هۆی هەڵاوسانی گەشتیاران بۆئەوەی چێژ وەربگرن لە لە خزمەتگوزارییەکان و شمەکەکان بە کەمترین نرخ.
- گەشتکردن بە مەبەستی کارکردن و بازرگانیکردن سەبارەت بە بازرگانەکان (الزینی :6-7).

٦- **پاڵنەری وەرزشی:** ئەم جۆرە پاڵنەرە گەشتوگوزاری پرکێشی و سەرکێشیکردنە کە گەنجان پێی هەڵدەستن وەك گەشتی بیابانەکان و یاریگا لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا و گەشتی رۆیشتن لەسەر بەفر، رەنگە پاڵنەری ئەم جۆرە گەشتوگوزارییە بریتی بێت لە تێرامان و شانازیکردن لە ناوچەگەلێکی دیاریکراودا وەك رووباری ئەمازۆن و رۆخی دەریای کاریبی و ناوچە بەرزەکانی رووباری نیل، یان رەنگە بە مەبەستی توێژینەوەی زانستی بێت وەك دۆزینەوەی هەندێ ژیاریی کۆن یان لێکۆڵینەوە لە هەندێ جۆری تاوێرە بەرد یان گڵەکان (عمر، 2010 :13).

کەواتە چالاکی گەشتوگوزاری پەیوەندی راستەوخۆی بە هێزی پاڵنەرەوە هەیە کە ئەم هێزە هانی گەشتیار دەدات بۆ گەشتکردن بۆ دەوڵەت و ناوچە جیاوازەکانی گەشتوگوزاری پاڵنەرەکانیش جۆراوجۆرن جۆری پاڵنەرەکە بریاردان لەسەر گەشتەکە دیاریدەکات.

**حەوتەم: پێکهێنەرەکانی پیشەسازی گەشتوگوزار**

پێکهێنەرەکانی پیشەسازی گەشتوگوزاری یەکێکن لەو بنەما گرنگانەی کە رۆڵیان هەیە لە کێشکردنی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیاریە جیاوازەکان لە هەر وڵاتێکدا ئەوانیش :

أ- سەرنجراکێشەکان: پێکهێنەری سەرەکیی پیشەسازی گەشتوگوزار بریتیە لە گەشتکردن،بۆیە چەند جۆر گەلێکی سەرنجراکێش هەن کە فاکتەری زیادبوون و راکێشانی ژمارەی گەشتیارن، دەکرێ دابەشیان بکەین لە چوارچێوەی ئەو سەرنجراکێشانانەی کە سروشتین یان مرۆڤکردن، هۆکاری جۆرایەتیش لە سەرنجراکێشە گەشتیارییەکاندا کاریگەری زۆری هەیە لە راکێشانی مەبەستێتی گەشتیاریدا (المقصد السیاحي). مەبەست لە جۆرایەتی ئەوەیە کە مەبەستێتی گەشتیاری چالاکیگەلێکی گەشتیاری زۆردەستەبەربکات بۆ ئەو ناوچەیەی کە مەبەستێتی گەشتیار رووی تێبکات بۆیە دەبێت ناوچەیەکی لەبار بێت بۆ راوکردن و یاری وەرزشی و کاتبەسەربردن و سواربوونی بەلەم.. هتد (اسبر،2014 :11).

ب- گواستنەوە: گواستنەوە بزوێنەری سەرەکی گەشتوگوزارە و شاخوێنبەرەیەتی کە نەشونماکردنی دەوەستێتە سەر بەردەستبوونی رێگەکانی گواستنەوە واتا ئاسانی گەیشتن، و بوونی تۆڕی رێگەی نوێ و رێگەی گواستنەوە کە هەموو خزمەتگوزاری گەشتیاری گونجاوی تیابێت بەجۆرێك کەمترین زیان بە ژینگە بگەیەنێت، ئەمە هاوکاری کۆمەڵگەکان دەبێت بۆ نەشونمای ژیاریی و پەیوەندیکردن بە کۆمەڵگەکانی ترەوە، بەڵام لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی وەرچەرخانێك لە جوڵەی گەشتیاری روویدا، کە ئۆتۆمبێل چووە ناو بواری گەشتیارییەوە لەلایەك، و فرۆکەو بەلەمی گەورە چووە نێو گواستنەوەی گەشتیارییەوە بۆ رێگەی دوور لەلایەکی ترەوە. (بظاظو، 2009 :240-241).

ج-خزمەتگوزارییەکان: خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بریتییە لە هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی گەشتیار دەکرێت لە ناو بازاری گەشتیاریدا لە ساتی چوونە ناو سنووری وڵاتی سەردانکراو هەتا ماڵئاویان لەو وڵاتە، ئەوانەش بریتین لە (خزمەتگوزاری مانەوە، خزمەتگوزاری خواردن وخواردنەوە) (دانیال،2006 :65). ئەم پیشەسازیە تەنها خواردن و خواردنەوە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

پێشکەش ناکات بەڵکو هەموو خزمەتگوزارییەکان دەگرێتەوە کە پێشکەشی گەشتیار دەکرێت لە ساتی گەیشتنی بەو وڵاتەی مەبەستی گەشتیارییە هەتا بەجێهێشتنی و گەڕانەوەی بۆ وڵاتی بنەڕەتی خۆی (حمد،2008: 99).

د- بریکارەکانی گەشت: ئاژانسی گەشتوگوزار ئەو شوێنەیە کە خزمەتگوزاری و زانیاری ڕێنیشادەری و هونەری پێشکەش دەکات هەروەها ڕێکخستنی پێویست بۆ پەیوەستکردنی گەشت لە وشکانی و دەریایی و ئاسمانی بۆ هەر شوێنێکی جیهان، هەموو ئەم خزمەتگوزاری و ڕێنیشاندان پێشکەشی گەشتیاران دەکرێت بە خێرایی و بێبەرامبەر، هەمیشە ئاژانسی گەشت بچووکە و ژمارەی کارمەندەکانی لە نێوان 2-12 کەس تێناپەڕێت.

بریکاری گەشت زۆرێك لە سەرچاوەکانی خزمەتگوزاری گەشتیاری دەگرێتەوە وەك ڕێکخەرانی گەشتەکان و، کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی، کۆمپانیاکانی گواستنەوەی دەریایی، دامەزراوەکانی مانەوە، ئوتێلەکان، شوێنی گەشتیاری و کۆمپانیاکانی ڕێکخستنی گەشت و سەردانە ناوخۆییەکان و ئاژانسەکانی بەکرێدانی ئوتومبیل و چێشتخانە و شوێنەکانی کاتبەسەربردن (توفیق،،2008 :163).

ح- ڕێکخەرانی گەشتەکان: ئەم زاراوەیە لە چارەکی کۆتای سەدەی ڕابردوودا دەرکەوت، سەرەتا ئەمانە خۆیان لە کۆمپانیا گەشتیارییە گەورەکانی، کە لە کەرتی پیشەسازی یان کەرتی بەرهەمهێنان بە بازرگانی کۆدا (wholesalers) دەنوێنن، بە فرۆشتنی خزمەتگوزارییەکانیان بە گەشتیاران لە میانەی بریکارە گەشتیارییەکانیانەوە (Retailers) لەگەڵ ئەوەی کە بیرۆکەی ئەو خزمەتگوزارییانە بونیادنراوە لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەواوکاریی، کە ئەمانە ئەگرێتەوە: گواستنەوە Transportation شوێنی حەوانەوە Accommodation، خزمەتگوزاری کاتبەسەربردن و شادبەخشی Entertainments خزمەتگوزاری وەرزشی Sport Activities (الطائي، 2004 : 188). ڕێکخەرانی گەشتەکە دەستەیەکن یان دامەزراوەگەلێکن (بەپێی قەبارەی کارەکە) کە خزمەتگوزاری تایبەت پێشکەش دەکەن، بە گەڕان یان گەشتکردنی گەشتوگوزاری، هەندێ لە ڕێکخەران بۆ هاوشێوەی ئەم گەڕانانە پاسی گەورە و ئوتێل و شتی تری وەك دامەزراوەی گەشتیارییان هەیە، لە کاتێکدا هەندێکی تریان ئەم خزمەتگوزارییانەبەدەست دێنن لە ڕێگەی یەکێك لە بەڵێندەران یان ئەستۆگرانەوە (وەك کۆمپانیای لیمۆزین و ئوتومبیلی کرێ) (کافی، 2009 :228-229).

خ- تەکنیکی زانیارییە گەشتیارییەکان و خزمەتگوزارییە ڕێنموونییەکان: بەگشتی زانیاری گەشتیاری لە ڕێگەی سەنتەرە تایبەتەکانەوە پێشکەش دەکرێ، ئەم سەنتەرانە بەوە ناسراون کە شوێنگەلێکن گەشتیاران لێیەوە زانیاری وەردەگرن لەسەر شوێنی حەوانەوە و خواردن و کاتبەسەربردن و سەرجەم زانیارییەکان دەربارەی مەبەستێتی گەشتیاری، هەروەك هەندێ خزمەتگوزاری گەشتیاری پێشکەش دەکەن وەك شوێنگرتن لە گەشتەکاندا و بلیتی شانۆ و سینەما و شتی تر، هەروەها هەڵدەستێت بە فرۆشتنی نەخشە و نامیلکە و بلیت دەربارەی مەبەستی گەشتیاریی. (اسبر :14).

وە لێرەدا چەندین چالاکی تریش هەن کە ئەوانیش یەکێکن لە پێکهێنەرەکانی گەشتوگوزاری و ڕۆڵیان هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتوگوزارییەکان ئەوانیش چالاکی بازاڕکردن و چالاکی یانەی وەرزشی و سەنتەری تەندروستی و بازرگانی جگە لە بوونی هۆتێل و مۆتێل و ئەپارتمانی ڕاخراو گوندی گەشتیاری و نوسینگەی بەکرێدانی ئۆتۆمبێل و چەندین خزمەتگوزاری دیکە، هەموو ئەمانە وەڵامدانەوەن بۆ پێداویستی و خواستەکانی گەشتیاران جگە لە خزمەتگوزاری ژێرخان وەک ڕێگاوبان، خزمەتگوزاری تەندروستی و ئاو ئاوەڕۆو کارەبا..هتد کە پێکهێنەری گرنگن بۆ پڕکردنەوەی ئارەزووەکانی گەشتیاران. جگە لەمانە ڕێنیشاندەری گەشتیش هەیە کە ئەو کەسەیە چەندین زمان دەزانێت و شارەزاو ئەزموونی مێژوویی و ڕۆشنبیری هەیە لەسەر ئەو شوێنەو جوگرافیای ئەو شوێنەی کە گەشتیار لە میانەی گەشتەکەیدا ڕووی تێدەکات ئەمانیش پێکهێنەری گرنگن بۆ سەرکەوتنی پیشەسازی گەشتوگوزاری.

**باسی دووەم: گەشتوگوزار و کارلێکی لەگەڵ دەوروبەریدا**

چالاکی گەشتیاری، هەمەجۆر و هەمەلایەنە و پەیوەستە بە زۆرێک لە کەرتەکان بە تایبەت کەرتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری کە ناکرێ بە تەنها گەشە بکات، زیاد لەوەش جۆری ئەو خزمەتگوزارییە گەشتیارییانەی پێشکەش دەکرێن تا ئاستێکی گەورە ئەگەر نەڵێین بە تەواوتی، وابەستەیە بە شمەك و خزمەتگوزاری بەرهەم لەو کەرتانەدا و هەروەها بەو جۆرایەتییەی کە پێی جودا دەکرێتەوە، ڕوونیشە کە جۆری خزمەتگوزاری گەشتیاری بە سیفەتێکی گشتی، لەسەر بنەمای: جۆری هۆکارەکانی گواستنەوەو، جۆری پێشوازیکردن لەسەر ئاستی فرۆکەخانە و مینای کەنار دەریاکان و دەروازە سنوورییەکان، جۆری ئەو پێکهاتەکانی کە پێویستن بۆ ئامادەکردنی ژەمەکانی خواردن، جۆری چالاکی کاتبەسەر بردن، جۆری پیشە تەقلیدییەکان، جۆری


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە دانیشتوانی ناوخۆ دەبەستێتەوە بە گەشتیارانەوە، جۆری دەوروبەری سروشتی.. هتد، دیاری دەکرێت (موهوب، 2006 : 34-35).

ا- کارلێکی گەشتوگوزار لەگەڵ ژینگەی ئابووریدا: دەکرێ رۆڵی گەشتوگوزار دەربخرێت لە میانەی هەڵنانی چالاکی ئابووری لە رێگەی لێکۆڵینەوەی جێکەوتە ئابوورییەکانی گەشتوگوزار لەسەر هەندێ لە گۆڕاوەکانی ئابووری نیشتمانی، لەوانەش:

- دروستکردنی پایەی کار: مافی گەشتیارە کە سوود وەربگرێ لە خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان بە کەمترین نرخ و دەستکەوتنی شمەك و خزمەتگوزارییەکان بە کەمترین نرخ.

- جیاوازی نرخی دراو لە کاتی گۆڕینەوەدا دەبێتە هۆی بە کۆمەڵچوونی گەشتیاران بۆ وڵاتێك کە بەهای دراوەکەی نزم بێتەوە بۆئەوەی سوود لە خزمەتگوزاری و شمەکەکانیان وەربگرێت بە نرخێکی هەرزانتر.

- گەشتکردن بە مەبەستی کارکردن و دەستکەوتنی بازرگانی سەبارەت بە سەرمایەداران (الزینی، ص6-7).

گومانی تیانییە کە کەرتی گەشتیاری دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی سوودی زۆر بۆ ئابووری نیشتمانی بەتایبەت لە بواری دروستکردنی پایەی کاردا، بەو پێیەی کە گەشتیاری کەرتێکی فرەچالاکی و لقوپۆپە، و پەیوەندی زۆری بە کەرتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانەوە هەیە، بەرێگەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەشدارە لە دروستکردنی زۆرێك لە پایەکانی کار لەو ناوچەیەی کە پێگە و شوێنی گەشتیاری لێدروست بکرێ (وەك ئوتێلەکان) (دلیلة وبسمة، 2017- 2018 :17).

- هەڵاوسانی سەرمایەی بیانی: دەکرێ کەرتی گەشتیاری بە پلەیەکی بەرچاو بەشداری بکات،، لە دەستەبەرکردنی بەشێك لە نەختینەی بیانی لە پێناو جێبەجێکردنی پلانەکانی گەشەپێدانی گشتگیر هەروەك ئەوەی حاڵی زۆربەی وڵاتە دواکەوتووەکانە، دەکرێ هەندێ لە جۆرەکانی هەڵاوسان لە نەختینەی بیانیدا کە دەرئەنجامی گەشتیارین، لەمانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

- بەشداریکردنی سەرمایە بیانییەکان لە وەبەرهێنانی تایبەت بە کەرتی گەشتوگوزار (دروستکردنی ئوتێل و گوندە گەشتیارییەکان).

- ئەو خەرجییە گەشتیارییانەی کە دەست دەوڵەت دەکەوێت لە بەرامبەر پێدانی ڤیزای چوونە ناو وڵاتەوە.

- جیاوازی گۆڕینی دراو.

- خەرجی رۆژانەی گەشتیاران بەرامبەر خزمەتگوزاری گەشتیاری (بنەڕەتی و تەواوکاری) وێرای خەرجی داواکردنی شمەکی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری کەرتە ئابوورییەکانی تر.

-داهاتی تری ئوتێلەکان کە لە گەشتیاران وەردەگیرێ: دەبێت رەچاوی جێکەوتی سەلبی بکرێ کە پەیدا دەبێت لە ئەنجامی گۆڕانی قازانج و هاتنە ناوەوەی دەستی کاری بیانی (موفق :38).

- چاکردنی هاوسەنگی خەرجییەکان: لە میانەی هەڵاوسانی سەرمایەی بیانی بۆ وەبەرهێنان لە پرۆژە گەشتیارییەکاندا، لە رێگەی بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان بە رێگایەکی دروست و ئەوەی شایستەی گەشتوگوزارە لە سەرچاوەکان لە ئەنجامی پەیوەندی ئابووری نێوان خۆی و کەرتەکانی تر لە وڵاتدا لەگەڵ ئەو سوودە ئابوورییانەی دەوڵەت دەستی دەکەوێت.

- گەشەپێدانی لێهاتووی ئیداری و دروستکردنی چینێکی نوێ لە بەڕێوبەران: بوونی کۆمپانیای بیانی لە بواری گەشتوگوزاردا رەنگە ببێتە هۆی پەرەسەندن و چاکردنی سیستم و هونەری بەڕێوبردن لەو کەرتەدا، گرنگی ئەوەش لەوەدا دەردەکەوێ کە گەشتوگوزار وەك رێگە و شێوازی گواستنەوەی تەکنیکی تەکنۆلۆجی دادەنرێ لە بواری بەڕێوبردنی ئوتێلەکاندا. (سمیة، 2020 :58-59).

ب- کارلێکردنی گەشتوگوزار لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی: هەروەها گەشتوگوزار بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ناوزەند دەکرێ، بەو پێیەش بۆتە جێگەی گرنگی سۆسیۆلۆجیستەکان لە زۆربابەتدا،هەندێک لەو بوارانەش ئەمانەن:

- ئاڵوگۆڕی بەهاکان و برەودان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەریەککەوتنی کلتوورەکان و نزیکبوونەوەی گەلان و گەشەپێدانی کلتووری خۆشەویستی و لێبوردن و رێزگرتنی خەڵکی تر.
- نوێکردنەوەی هێزی کار لە رێگەی سوودوەرگرتن لە پشوو و کاتبەسەربردن.
- هەڵاوسان و کۆچی تاك و خێزانەکان لە ئەنجامی جوڵە گەشتیارییەکان کە روودەدەن لە نێوان ناوچەکان و وڵاتاندا.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

- بەکاربردنی شوێنکات و پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان. (محمد، 2018 :69).
-هەروەك گەشتوگوزار، بەشداری دەکات لە یەکترگەیشتن و ڕێزی دوولایەنە لە نێوان گەلان و کۆمەڵگەکاندا: لێکگەیشتن و بەهێزکردنی بەها ئاکارییە ناسراوەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا، وێڕای لێبوردەیی و ڕێزگرتنی بیروباوەڕی ئاینی و فەلسەفی و ئاکاری جیاواز (منظمة السياحة العالميه،،2001).
- لە باری نەشونماکردن و زیادبوونیدا گەشتوگوزار کاردەکات بۆ چاکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی کۆمەڵگە و گەلان، و چاکردنی خوێندن، بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری لە ڕێگەی گەشەپێدانی گەشتیاری لای چینە فراوانەکانی کۆمەڵگە (الكاسح، 545: 2019).

ج- کارلێکردنی گەشتوگوزار لەگەڵ ژینگەی کلتووریدا: لە ڕووی کلتوورییەوە گرنگی گەشتوگوزار بۆ هاوڵاتی بریتییە لە ناسینی شوێنەواری نیشتمانەکەی و برەودان بە هەستەکانی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و زیادکردنی هەستی گەشتوگوزاریی کە ئەمانە ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر چاك تێگەیشتن لە گەشتیارە بیانییەکان و پاراستنی شوێنی گەشتیاری و شوێنەوارەکان و پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ گەشتیار و چاك مامەڵە لەگەڵکردنی، هەروەها ڕەنگدانەوەشی دەبێت لە گواستنەوەی زانیاری لەسەر ئەو وڵاتەی کە سەردانیکردوە، بۆ نەوەکانی ووڵاتەکەی خۆی، ئەمەش دەبێتە هۆکارگەلێکی ڕاگەیاندنی خۆڕایی بۆ وڵاتەکە و بۆ شارەکە، بۆیە ڕۆشنبیری گەشتیاری لای دانیشتوانی شارەکە یان وڵاتەکە بەشێوەیەکی گشتی گرنگەو، دەبێت گرنگی پێبدرێت و پەرەی پێبسێنرێت (ريمة، 2018-2019 :60).

د- کارلێکی گەشتوگوزار لەگەڵ دەوروبەری ژینگەیی: دەکرێ گەشتوگوزار، وەك سەرجەم کەرتەکانی گەشەپێدانی تر، جێکەوتی ئیجابی و سەلبی لەسەر ژینگەی مرۆیی هەبێت، گەشتوگوزار سوودی بۆ ژینگە هەیە ئەویش لە ڕێگەی پارێزگاریکردن لە سیما مادییەکانی ژینگە، و شوێنەکان و شوێنەوارە مێژووییەکان و ژیانی وشکانیی، لە زۆرێك لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا پرۆژەگەلێك جێ بەجێکراوە کە لە ڕووی ژینگەیی و ئابووریەوە ڕۆڵیان هەبووە لە چاکردنی جۆری ژیانی دانیشتوانە لۆکالییەکاندا. پیشەی گەشتیاری دەتوانێ سوودی گەورە بهێنێ بۆ هەر وڵاتێك، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەنگە لەگەڵ ئەوەشدا جێکەوتی سلبی بهێنێت بۆ ژینگەی سروشتی و شوێنەواریی، بۆیە گەشەپێدانی گەشتیاریی نابێت لەسەر حیسابی سەرچاوە دیایکراوەکان بێت کە بە هۆکاری ڕاکێشانی گەشتیاریی دادەنرێت. هەرچی ژینگەیە ئەوا ئەو شوێنەیە کە هەموومان تێیدا دەژین، گەشەپێدانیش ئەوەیە کە هەموومان هەوڵ دەدەین بیکەین لە پێناوی باشتر دامەزراوەییمان لەو شوێنەدا (جادالله،2009 :16)

واتا کاریگەری ئاڵوگۆڕ لە نێوان گەشتوگوزار و ژینگەدا هەیە، چونکە ژینگەی لەبار هاوکاردەبێت بۆ پێشکەوتن و نەشونماکردنی گەشتوگوزار، هەروەك تێکچوونی ژینگە دەبێتە هۆی تێکچوونی چالاکی گەشتیاریی، هەر بۆیە گەشتوگوزار کاردەکات لەسەر هاوسەنگی ژینگەیی و چاکردنی وێنەی جوانیی سروشتی ژینگە و دروستکردنی ژینگەیەکی پاکو خاوێن (احمد و حمزه، 2008 :119).

کەواتە گەشتوگوزاری پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی لەگەڵ تەواوی کەرتەکانی تری ئابوری وکۆمەڵایەتی و کەلتووری وژینگەییەکاندا هەیە ناتوانێت بەبێ ئەو لایەنانە گەشە بکات و دوورکەوێتەوە لێیان،بۆیە پێشخستنی چالاکی گەشتوگوزاری پەیوەستە بە ئاستی پەرەسەندنی کەرتەکانی ترەوە، وە لە هەرێمی کوردستانیش گەشتوگوزار دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوریداو توانای هێنانی داهات و دراوی قورسی هەیەو بەڵام ئەم کەرتە بە پێ ی پێویست گرنگی پێنەدراوە، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی دەوڵەتان ئەم کەرتە بە بناغەی ئابووری نیشتمانی دادەنێن.

**ئەنجام**

- گەشتوگوزار چالاکییەکی ئاڵوگۆڕو تێهەڵکێشە هەر بۆیە بە چەندین شێوەی جیاواز پێناسەی بۆ کراوە کۆمەڵایەتی و کەلتوری هەندێکی تر لە ڕووی دەرونی و ئابووری و سیاسیەوە پێناسەیان بۆ کردووە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە گەشتوگوزار چالاکیەکە لە ئەنجامی جوڵە یان گواستنەوەی تاکەکان بۆ دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی خۆی دروست دەبێت.

- چالاکی گەشتوگوزای پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کات و شوێندا هەیە کە دەبێت ماوەی گەشتەکە کەمتر نەبێت لە 24 کاتژمێرو زیاتریش نەبێت لە 12 مانگ ئەویش بە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو کەسەی کە گەشت دەکات.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

- کەرتی گەشتوگوزاری بە فاکتەری پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەلایەتی دادەنرێت،چالاکیەکە تەواوکەری هەموو چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریی و ژینگەییەکانە واتە کارلێک لەگەڵ هەموو ئەم لایەنانەدا دەکات بۆ بەشداریکردنی لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا.
- گەشتوگوزار بەشداریدەکات لە دەرخستنی پێگەی سروشتی و مێژووی و شارستانیەکانی دەوڵەت وە هەوڵی پاراستنیان و وەبەرهێنانیان و بەکارهێنانیان دەدات، هەروەها کاردەکات بۆ پاڵپشتیکردن و لێکتێگەیشتنی نێوان گەلان و گرنیگیدان بە کەلەپوورو شارستانیان و پاراستنی بەهای کەلتوری کۆمەڵگاکان.

لە ڕووی ختنەڕووی بنەما سەرەکیەکانی گەشتوگوزاری کە ئەمانەن: (دەرخستنی چەمک ومێژووی گەشتوگوزاری جۆرەکانی و گرنگی و پاڵنەرەکانی و کارلێکی گەشتوگوزار لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا) هەمووئەمانە هۆکاری سەرەکین بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیاریەکان.

**پێشنیار**

١- لەبەرئەوەی گەشتوگوزار پشتدەبەستێت بو تواناى دەوڵەتە جیاوازەکان لە هاندانی گەشتوگوزاری بۆیە لە هەرێمی کوردستاندا گەشتوگوزار پێویستی بە تەرخانکردنی دارایی و پلان و بەرنامەی پێویست هەیە بۆ هەستان بە پرۆژەی گەشتوگوزاری و واقعی گەشتوگوزار.
٢- پێویستە ووشیاری گەشتوگوزاری لای تاکەکانی کۆمەڵگا بڵاوکرێتەوە بۆ پاراستنی سەرچاوە سروشتی و مرۆییەکان.
٣- پێویستی هاندان بۆ گەشتوگوزاری زانستی لە خوێندنگاو زانکۆکانی هەرێمی کوردستانداو، هەروەها زیادکردنی توێژینەوەی زانستی لە بواری گەشتوگوزاری بۆ تیشک ختنە سەر ئەم کەرتە گرنگەو بەشداریکردنی لە بەرهەمی ناوخۆیدا هەروەها کارکردن بۆ دانانی ڕێبەری گەشتوگوزاری گشتگیر کە ناوی هەموو هۆتێل و کۆمپانیای گەشتوگوزاری و چێشتخانەو کۆمپانیاکانی فڕینی تێدا بێت.
٤- هاندان و پاڵپشتی کردنی خاوەن پیشە دەستکردە بچووک و مامناوەندەکان بە شمەکەکانیان بۆ دەوڵەمەندکردنی بازاڕی گەشتوگوزاری لە هەرێمی کوردستاندا ئەویش بە دەستەبەرکردنی پێداوستی گەشتیار هەر لە دیاری و شتی ئەنتیکە کە حەزیان لێیەتی بیکڕن.

**لیستی سەرچاوەکان**

**- کتێب**

1- ال دغيم، خالد بن عبدالرحمن، الاعلام السياحي والتنمية السياحية الوطنية، دار اسامة للنشر والتوزيع،ط1، الاردن-عمان، 2014.
2- احمد، منال شوقي عبدالمعطي، محاضرات في التنمية السياحية، ط1، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، 2013.
3- بظاظو، ابراهيم خليل،الجغرافيا والمعالم السياحية،مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع،عمان-الاردن،2009.
4- توفيق،ماهر عبدالعزيز، صناعة السياحة، دار زهران للنشر والتوزيع،عمان، 2008.
5- الجلاد، احمد،مدخل الى علم السياحة،عالم الكتب،ط1،القاهرة،بدون سنة الطبع،ص53.
6- جورج، بيار، معجم المصطلحات الجغرافية، ترجمة :د. حمد الطفيلي،ط2،المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، لبنان، 2002.
7-حجاب،محمد منير، الاعلام السياحي،دار الفجر للنشر والتوزيع،ط2،القاهرة،2003.
8- حدادة،علي، دور المتجدد للسياحة في التنمية الاقتصادية العربية،اتحاد الغرف العربية دائرة البحوث الاقتصادية،حزيران 2019.
9-حسن،عبدالباسط محمد،اصول البحث الاجتماعي،مكتبة وهبة،دار التضامن،القاهرة،ط8، 1982.
10-حسنات، عبيدة عبدالسلام، اثر التخطيط السياحي على التنمية السياحية من وجهة نظر مدراء مكاتب السياحة،ط1،دار غيداء للنشر والتوزيع،عمان،2016.
11- حسنين،جليلة حسن، دراسات في التنمية السياحية، الدار الجامعية،الاسكندرية،2006.
12- الحميري، موفق عدنان و الحوامرة، نبيل زعل، الجغرافيا السياحية في القرن الحادي والعشرون منهج واساليب وتحليل رؤية فكرية جديدة و تركيبة منهجية حديثة،دار الحامد للنشر والتوزيع،ط1،عمان-الاردن،2006.
13-دانيال، بنيامين يوخنا،المغريات السياحية،دار ادي شير للنشر والاعلام،اربيل-عنكاوة،2006

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

14- دعبس، يسرى، السياحة مفهومها وانماطها وانواعها المختلفة، رؤية في انثروبولوجيا السياحة، ط1، الملتقى المصري للابداع والتنمية، اللسكندرية،2001، ص14.
15- زكي، داليا محمد تيمور، الوعي السياحي والتنمية السياحية مفاهيم وقضايا، مؤسسة شباب الجامعة، الاسكندرية، 2008.
16- زهران، حامد، الثقافة السياحية وبرامج تنميتها، عالم الكتب، ط1، القاهرة،2004،ص7
17- سرحان، نائل موسى محمود، مباديء السياحة، دار غيداء للنشر والتوزيع،عمان، 2011.
18-السعيدي، عصام حسن، ط1،دار الراية للنشر والتوزيع، عمان،2008.
19- السيسي، ماهر عبدالخالق، مباديء السياحة،مجموعة النيل العربية،ط1،القاهرة،2001.
20- سفر والسياحة، جغرافيا السياحة والطيران182 سفر،المؤسسة العامة للتعليم الفني والتدريب المهني، الادارة العامة لتصميم وتطوير المناهج، المملكة العربية السعودية، بدون سنة الطبع.
21- الشرقاوي، فتحي محمد واخرون، مباديء علم السياحة، مكتب بستان المعرفة، الاسكندرية، 2006.
22-صالح، غادة، اقتصاديات السياحة، دار الوفا للطباعة والنشر، الاسكندرية،2008.
23- الصيرفي، محمد، التخطيط السياحي، دار الفكر الجامعي، ط1، الاسكندرية،2007.
24- الطائي، الحميد عبد النبي، التسويق السياحي مدخل استراتيجي، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، ط1، عمان،2004.
25-الظاهر، نعيم و الياس، سراب، مباديء السياحة، ط1، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان،2001.
26- عبوي، زيد منير، فن ادارة الفنادق والنشاط السياحي، مرفق بقاموس المصطلحات السياحية والفندقية، ط1، دار كنوز المعرفة للنشر والتوزيع، عمان،2007.
27-عبوي، زيد منير، الاقتصاد السياحي، ط1، دار الراية للنشر والتوزيع، عمان-الاردن،2008.
28-العسالي، السياحة في الوطن العربي (التاريخ،المخاطر،المهددات)، ط1، دار امجد للنشر والتوزيع، عمان، 2016.
29-غنيم،عثمان محمد وسعد، بنيتا نبيل، التخطيط السياحي في سبيل تخطيط مكاني شامل ومتكامل، ط2، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان،2003.
30- كافي، مصطفى يوسف، صناعة السياحة (والامن السياحي –الجرائم السياحية – الارهاب- العولمة)، دار مؤسسة رسلان للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا-دمشق،2009.
31- كافي، مصطفى يوسف، مدخل الى العلوم السياحية والفندقية، دار الحامد للنشر والتوزيع، الاردن، 2015.
32- مصطفى، ابراهيم واخرون، المعجم الوسيط، الادارة العامة للمجمعات واحياء التراث، مكتبة الشروق الدولية، ط4، مصر، مجمع اللغة العربية،2004.
33- مقابلة، احمد محمود، صناعة السياحة، ط1،دار كنوز للمعرفة العلمية للنشر والتوزيع، عمان،2007.
34- ملوخية، احمد فوزي، مدخل الى علم السياحة، دار الفكر الجامعي، ط1، الاسكندرية،2008.
35- موسيس، نيشان سورين، مقومات صناعة السياحة في محافظة دهوك، تحليل جغرافي، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك،2005.
36- يونس، فضل احمد، الجغرافيا السياحية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، بدون سنة الطبع.

**- تويژینەوەكان**

1- اسبر، ميساء داود، تفعيل دور السياحة في التنمية الريفية،مع دراسة الحالة في المنطقة الساحلية السورية،اطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية الاقتصاد، قسم الاقتصاد والتخطيط،جامعة تشرين،اللاذقية، 2014.
2- بودربالة، رفيق، دور القطاع السياحي في التنمية الاقتصادية،دراسة تحليلية مقارنة بين الجزائر والاردن، اطروحة دكتوراه،مقدمة الى كلية العلوم الاقتصادية والتجارية وعلوم التسيير، قسم العلوم الاقتصادية،جامعة العربي بن مهيدي- ام البواقي، الجزائر،2016-2017.
3-جادالله، براهيم موسى،دور السياحة الفلسطينية في التنمية المستدامة الواقع وسبل التطور،رسالة ماجستير مقدمة الى معهد التنمية المستدامة عمادة الدراسات العليا،جامعة القدس،فلسطين،2009.
4-حمد،،سعد ابراهيم، تخطيط وتنمية خدمات السياحية الدينية واثرها في نمو الطلب السياحي في محافظة نينوى جامع النبي يونس عليه السلام،اطروحة دكتوراه،مقدمة الى جامعة سانت كلمنتس العالمية، قم السياحة، 2008.
5- حميداتو، نصر، النشاط السياحي في الجزائر واثره على النمو الاقتصادي،شهادة ماستر اكاديمي،مقدمة الى كلية العلوم الاقتصادية والتجارية وعلوم التسيير،قسم العلوم التجارية،جامعة الشهيد حمه لخضر بالوادي،الجزائر،2014-2015.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


6- دليلة،كعوان و بسمة، شوايب، مساهمة السياحة في تحقيق التنمية المحلية،دراسة حالة ولاية جيجل،شهادة ماستر،مقدمة الى كلية العلوم الاقتصادية والتجارية وعلوم التسيير،قسم العلوم الاقتصادية، جامعة محمد الصديق بن يحيي –جيجل،الجزائر،2017-2018

7- ريان، زير، مساهمة التسويق السياحي في تطوير السياحة في الوطن العربي،دراسة مقارنة الجزائر تونس الامارات، اطروحة دكتوراه،مقدمة الى كلية العلوم الاقتصادية والتجارية وعلوم التسيير،قسم العلوم التجارية،جامعة محمد خيضر،بسكرة،الجزائر،2018-2018

8- ريمة، بوصباط،مواقع التواصل الاجتماعي وعلاقتها بنشر الوعي السياحي الفيسبوك نموذجا،دراسة ميدانية على عينة من طلبة كلية العلوم الانسانية والاجتماعية،رسالة ماجستير،مقدمة الى كلية العلوم الانسانية والاجتماعية،جامعة محمد الصديق بن يحيي –جيجل-،2018-2019.

9- سهام، بلقاسم،دور الاستثمار السياحي في تحقيق التنمية المستدامة في الجزائر،رسالة ماجستير،مقدمة الى كلية العلوم الاقتصادية وعلوم التسيير والعلوم التجارية،قسم العلوم التجارية،جامعة اكلي محند اولحاج –البويرة،2017-2018.

10- صابرين، جيرب، الاستثمار السياحي ودوره في التنمية المستدامة في التشريع الجزائري،مذكرة ماجستير،كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم قانون اعمال،جامعة محمد خيضر،بسكرة،الجزائر،2018-2019.

11- عبدالقادر، عوينان،السياحة في في الجزائر الامكانيات والمعوقات (2000-2025) في ظل الاستراتيجية السياحية الجديدة للمخطط التوجيهي للتهيئة السياحية SDAT 2025، اطروحة دكتوراه، مقدمة الى كلية العلوم الاقتصادية وعلوم التيير والعلوم التجارية،قسم العلوم الاقتصادية،جامعة الجزائر -03-، 2012-2013.

12- عشي، صليحة، الاداء والاثر الاقتصادي والاجتماعي للسياحة في الجزائر وتونس والمغرب، اطروحة دكتوراه،مقدمة الى كلية العلوم الاقتصادية والتجارية وعلوم التسيير،قسم العلوم الاقتصادية،جامعة الحاج لخضر –باتنة،الجزائر،2010-2011.

13- محمد، لعريجة، تحديات التنمية السياحية و متطلبات تحقيقها في الجزائر،دراسة حالة ولاية فالمة، ماستر،مقدمة الى كلية العلوم الاقتصادية والتجارية وعلوم التسيير،قسم العلوم الاقتصادية،جامعة محمد الصديق بن يحيي –جيجل،الجزائر،2017-2018.

14-محمد، مودة على احمد،،دور السياحة في التغير الاجتماعي والتنموي في السودان، دراسة حالة مدينة بورتسودان، اطروحة دكتوراه،مقدمة الى كلية الدراسات العليا،معهد تنمية الارة والمجتمع، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، 2018.

15- موفق،على، اهمية القطاع السياحي في الاقتصاد الوطني،رسالة ماجستير،مقدمة الى كلية علوم والاقتصاد وعلوم التسيير،قسم العلوم الاقتصادية،،جامعة الجزائر،

16- موهوب،صالح، تشخيص واقع السياحة في الجزائر واقتراح سبل تطويرها، رسالة ماجستير منشورة، مقدمة الى كلية العلوم الاقتصادية وعلوم التسيير، جامعة الجزائر، 2006.

17- نسيبة،سماعينى، دور السياحة في التنمية الاقتصادية الاجتماعية في الجزائر،رسالة ماجستير،مقدمة الى كلية العلوم الاقتصادية وعلوم التسيير والعلوم التجارية،جامعة وهران،الجزائر،2013-2014.

18- يحياوي، هادية، السياحة والتنمية في الغرب العربي،اطروحة دكتوراه،مقدمة الى كلية الحقوق والعلوم السياسة، قسم العلوم السياسية، جامعة الحاج لخضر- باتنة،الجزائر،2011-2012.

**گۆڤارەكان**

1-احمد،حسين على و حمزة مجيد على واقع الخدمات السياحية في البصرة والسبل الكفيلة لاعادة تاهيلها،مجلة الدراسات البصرة،السنة الثالثة،العدد (6)، 2008.

2- سعيدي، يحيى، والعمراوي،سليم، مساهمة القطاع السياحة في تحقيق التنمية الاقتصادية، حالة الجزائر،مجلة كلية بغداد العلوم الاقتصادية،العدد السادس والثلاثون، 2013.

3- سمية،احمد ميلي،اهمية التخطيط السياحي في تطوير القطاع السياحي دراسة حالة الجزائر،ملخص البحث،مجلة البحوث والدراسات التجارية،مجلد 4،عدد2،سبتمبر 2020.

4- عبد الجليل، هويدي، العلاقة التفاعلية بين السياحة البيئية والتنمية المستدامة،مجلة الدراسات والبحوث الاجتماعية، جامعة الوادي، العدد 59، 2014.

5- عمر،محمد العطا، صناعة السياحة واهميتها الاقتصادية،الندوة العلمية (اثر الاعمال الارهابية على السياحة)، مركز الدراسات والبحوث،قسم الندوات واللقاءات العلمية،دمشق،2010/7/6.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

6- القضاة،حسن صالح سليمان و الطالب، غسان سالم،السياحة الطبية العلاجية واثرها على الاقتصاد الوطني الاردني، دراسة ميدانية من وجهة نظر العاملين في بعض المستشفيات الخاصة الاردنية،مجلة القادسية للعلوم الادارية والاقتصادية،دورية فصلية علمية،كلية الادارة والاقتصاد،المجلد 11،العدد4، 2009.
7- الكاسح، عادل ابوبكر واخرون،علاقة التراث العمراني بالتنمية السياحية المستدامة،مجلة العلوم الانسانية،كلية الاداب، جامعة المرقب-ليبيا،العدد 19،سبتمبر 2019،.

**پێگەی ئەنتەرنێت**

1-بخاري، عبلة عبدالحميد، اقتصاديات السياحة،جامعة الملك عبدالعزيز،Econ433، 2012، على موقع الانترنيت www.kau.edu.sa.
2- الخريف، فهد عبدالرحمن عبدالله،علم الاجتماع السياحي،المحاضرة التمهيدية،ملتقى طلاب وطالبات الجامعات السعودية،جامعة الملك فيصل،على موقع الانترنيت www.vb.ckfa.org.
3- الزيني،ايمن رمضان، السياحة بين الحماية الجنائية لحقوق وحريات السائح وقيم ومقومات البلد الضيف،جامعة طنطا، على موقع الانترنيت law.tanta.edu.eg
4-منظمة السياحة العالمية،المدونة العالمية لاخلاقيات السياحة، ديسمبر 2001،على موقع الانترنيت www.webunwto.s3..eu-west-Iamzonaws.com

**سەرچاوەی ئینگلیزی**

1-Stephen Jpage ,Joanne Connell, Tourism a modern synthesis, second edition, Thomson, London, 2007, p14


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)